Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10202

# دروستەی بکەرنادیار لە زمانەکانی کوردیی و فارسیدا(لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە)

ئازاد عزیز سلیمان[1]، ابراهیم ئەحمەد موارادی[2]، سەروەر سەعدوڵلا ساڵەح[3]

1- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر ، هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- وەزارەتی پەروەردە، پارێزگای کوردستان, ئێران.

3- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.

## پوختە:

بکەرنادیار لە زمانی فارسیدا دوو بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە: هەندێک لە زمانەوانان لایان وایە، کە زمانی فارسی بکەرنادیاری نییە و ڕۆڵی شودەن (بە فارسی: شدن) لەو ڕۆنانانەی بە بکەرنادیار ناسراوە، کاری یاریدەدەرە یا ناتەواوە؛ واتە لە نێوان دوو ڕستەی «دەر باز شود.» (دەرگاکە کرایەوە.) و «عەلی کوشتە شود.» و (عەلی کوژرا.) هیچ جیاوازییەک نییە و لە هەر دوو باردا (*شودەن*) کاری ناتەواوە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، (شودەن) دوو ئەرکی هەیە: یەکەم: بکەرنادیارسازی؛ دووهەم: کارێکی ناتەواوە. لەبەرئەوەی شێوازی داڕشتنی بکەرنادیار لە زمانی کوردی و فارسی-دا جیاوازە؛ واتە لە کوردیدا بە پاشگر و لە ڕێگەی مۆرفۆلۆژیەوەیە، بەڵام لە زمانی فارسیدا بە یارمەتی کاری یاریدەدەر و لە ڕێگای سینتاکسەوە بکەرنادیار دروست دەکرێت و لەبەرئەوەی مۆرفیمی دەربڕینی واتای هاوتای کاری ناتەواوی (*شودەن*)ی فارسی لە کوردیدا جیاوازە لە مۆرفیمی بکەرنادیارسازی، ئەم توێژینەوە بەراوردکاریە-ی بکەرنادیار لە هەر دوو زمانی کوردی و فارسیدا بەم ئامانجە دەگات، کە زمانی فارسیش بکەرنادیاری هەیە و شودەن دوو ئەرک دەگێڕێت؛ واتە ئەم توێژینەوەیە ڕوانگەی دووەم پەسەند دەکات.

**Article Info**

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

**Keywords**

بکەرنادیارسازی، زمانی کوردی، زمانی فارسی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس

**Corresponding Author**

## ١ - دەسپێک:

بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ لە زمانەوانیی نوێدا توێژینەوە بەراوردکارییەکان، بایەخێکی زۆریان پێ دەدرێت؛ لەبەرئەوەی لەم ڕێگایەوە زمانەوانان باشتر ڕۆنانی زمان دەناسن و وەڵامی هەرە زۆری پرسیارەکان سەبارەت بە زمان دەدەنەوە. ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی بەراوردکارانە ڕۆنانی بکەرنادیار لە هەر دوو زمانی کوردی و فارسیدا شرۆڤە دەکات و وەڵامی پرسیارێکی گرینگ سەبارەت بە کاری (شودەن) لە زمانی فارسیدا دەداتەوە. هاوکات لە درێژایی باسەکەدا هەندێک زانیاری لە سەر بکەرنادیاری زمانەکانی کوردی و فارسی دەخرێتەڕوو.

بێگومان *کار*[1] گرینگترین دانەی ڕستەیە و لەبەر ئەمەشە وە-کوو ناوکی ڕستە دێتە ئەژمار و ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە. یەکەم هۆکار ئەوەیە، کە کار تەنها ئەژماری ئارگیوومنتەکان[2] دیاری ناکات، بەڵکو سنوور و مەرجی واتاییشیان بۆ دادەنێت. واتە کار نە تەنها ئەژماری ئارگیوومنتەکان، بەڵکو جۆرەکانیشیان دیاری دەکات. دووهە-مین هۆکار ئەوەیە، کە بێجگە لە بابەتی ئارگیوومنت، کار هە-ڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و واتایی دیکەیە. کار کاتی ڕێزمانی، کەس[3]، ئەژمار، بکەرنادیاری[4]،

[1]. verb
[2]. argument
[3]. tense, person
[4]. number, voice

تێپەڕی[5]، هۆکاری[6]، ئەسپێکت[7]، ...هتد دیاری دەکات. لەم باسەدا تایبەتمەندیی زمانەکانی کوردی و فارسی، واتە بکەردیار و بکەرنادیار شیکار دەکرێت.

موعین (1974) و کەریمی (2005) دوو زمانەوانی فارسن لەسەر ئەم بڕوایەن، کە زمانی فارسی بکەرنادیاری نییە و ئەو ڕۆنانانەی کە بە بکەرنادیار ناسراون لە ڕاستیدا کاری ناتەواون[8] نەک بکەرنادیار؛ واتە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕۆنانی واتایی دوو ڕستەی (1) و (2) هیچ جیاوازییەکیان نییە.

(1) دەر باز شود. (دەرگاکە کرایەوە.)

(2) عەلی کوشتە شود. (عەلی کوژرا.)[9]

لە لایەکی دیکەوە، دەبیر موقەددەم (1364) وای بۆ دەچێت، کە *شودەن* (بوون) لە زمانی فارسیدا دوو ئەرکی هەیە: شودەن وەکوو کارێکی ناتەواو لە ڕستەی (1)دا و *شودەن* وەکوو کارێکی یاریدەدەر، کە لە ڕۆنانی بکەرنادیاردا بەکاردێت (ڕستەی 2). بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو ئەرکە، دەبیر موقەددەم، تاقیکارییەک بەکاردەهێنێت، کە لە درێژەدا ئاماژەی پێ دەکرێت. ئەم توێژینەوەیە، ڕۆنانی بکەرنادیاری لە زمانی کوردی و فارسیدا دەخاتەڕوو، پرسیارە سەرەکییەکەی ئەمەیە، کە ئەرکی شودەن لە زمانی فارسی و بە تایبەت بکەرنادیاردا چییە؟ ئەگەر زۆرتر لە یەک ئەرکی هەیە، ئەم ئەرکانە چین؟ چۆن لە یەکتری جیا دەکرێنەوە؟ لە درێژەی باسەکەدا ڕۆنانی بکەردیار و بکەرنادیاری کوردی و فارسی بەراورد دەکرێن و ئەم پرسیارە لاوەکییە وەڵام دەدرێتەوە، کە جیاوازی و لێکچوونی ڕۆنانی بکەردیار و بکەرنادیاری لە زمانی کوردی و فارسی لە چیدان؟ کە وا بوو ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم دەسپێکە. لە تەوەری دووهەمدا پێداچوونەوە بە گرینگترین توێژینەوەکانی پێشووی پێوەندیدار بەم ناونیشانە دەکرێت. لەتەوەری سێیەمیشدا چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە دەخاتەڕوو. لە بەشی دووەمدا، پرسەکە شیکاری دەکرێت، کە خۆی لە دوو تەوەر پێکهاتووە: لە تەوەری یەکەمدا ڕۆنانی بکەردیار و بکەرنادیاری زمانەکانی کوردی و فارسی وەسف دەکرێت و لە تەوەری دووهەمدا بە پێی چوارچێوەی تیۆری باسەکە لە سەر بکەرنادیاری فارسی و بەراوردکردنی لەگەڵ کوردیدا قسەدەکرێت و لە کۆتاییدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێشکەش دەکرێت.

**2- پێشینەی توێژینەوەکە:** بکەرنادیار لە زمانی فارسیدا لە ڕوانگەلی جۆراجۆرەوە توێژینەوەی لەسەر کراوە. لە میانەی ئەم کارانەدا گرینگترین توێژینەوەکانی ڕاستەوخۆ پێوەندیدار بەم ناونیشانە بریتین لە: موعین (1974)، کەریمی (2005)، دەبیرموقەددەم (1364)، تەبیبزادە (1385) و ڕاسخمەهەند (1386).

موعین (1974) و کەریمی (2005) وای بۆ دەچن، کە زمانی فارسی بکەرنادیاری نییە و هۆکاری ئەمەش گۆڕانێکی زمانییە، کە لە مێژووی زمانی فارسیدا ڕووی داوە(بە بۆچوونی ئەوان)، هەروەها کە لە دەسپێکدا ئاماژەی پێکرا، ئەو ڕۆنانانەی، کە بە بکەرنادیار ناسراون لە ڕاستیدا کاری ناتەواون.

لە بەرامبەردا دەبیر موقەددەم (1364) لای وایە، کە زمانی فارسی بکەرنادیاری هەیە و هۆکاری ئەو بۆچوونە، بە وتەی ئەو هەڵەی موعین (1974)، ئەوەیە، کە شودەن لە زمانی فارسیدا دوو ئەرکی هەیە، کە ئەنجامی گۆڕانی زمانی فارسییە. لە ڕوانگەی دەبیرموقەددەمەوە شودەن هەم لە ڕۆنانی بکەرنادیاردا ئەرکی هەیە و هەمیش وەکوو کاری یاریدەدەر دەردەکەوێت.

بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە *شودەن*ە، تەبیب زادە (115:1385) لای وایە، کە زنجیرەی ناو/ئاوەڵناو + شودەن (بوودەن (بوون))، کە دەتوانن بگۆڕدرێن بۆ ڕۆنانی هۆکاری، کاری ناتەواون و ئەگەر ئەم توانستەیان نەبێت بکەرنادیارن. ئەو بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی ئەم نموونانەی خوارەوە ئاراستە دەکات.

(3) ا. دەر باز شود. (دەرگاکە کرایەوە.)

ب. دەر باز ئەست. (دەرگاکە کراوەیە.)

پ. ئوو دەر را باز کەرد (ئەو دەرگاکەی کردەوە.)

(٤) ا. ئاب گەرم شود. (ئاوەکە گەرم بوو.)

ب. ئاب گەرم ئەست. (ئاوەکە گەرمە.)

پ. ئوو ئاب را گەرم کەرد. (ئەو ئاوەکەی گەرم کرد.)

(٥) ا. دیڤار سفید شود (دیوارەکە سپی بوو. دیوارەکە سپی بووەوە.)

ب. دیڤار سفید ئەست. (دیوارەکە سپییە.)

پ. ئوو دیڤار را سفید کەرد (ئەو دیوارەکەی سپی کردەوە.)

(٦) ا. لباس کوتاه شود (جلەکە کورت بوو یا جلەکە کورت بووەوە. )

ب. لباس کووتاه ئەست (جلەکە کورتە.)

پ. ئوو لباس را کووتاه کەرد (ئەو جلەکەی کورت کردەوە.)

بە پێی ئەم بۆچوونە ڕستەکانی 3-ا تا ٦-ا ناتەواون و لە کاتی ڕابردوودان کەچی 3-ب تا ٦-ب هەمان کاری ناتەواون و لە کاتی ئێستادان. هۆکاری ئەوەی، ئەم ڕستانە بە ناتەواو

5. transitivity
6. causativity
7. aspect
8. inchoative

٩. لەبەر ئەوەی خوێنەری کورد بتوانێت نموونە فارسیەکان ڕاست بخوێنێتەوە، ئەو ڕستانەمان بە ڕێنووسی کوردی نووسیوە.

دادەنرێن، ئەوەیە، کە سیمای هۆکاریکراویان هەیە. نموونەکانی 3-پ تا ٦- پ ڕۆنانی هۆکاریکراوی ڕستەکانی 1-3 تا ٦-ان.

ڕاسخمەهەند (١٣٨٦) بە توێژینەوەی کاری ناتەواو لە زمانی فارسیدا، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ناتەواوبوون، یان ناتەواوتی لە زمانی فارسیدا بکەرنادیاری نییە و لە ڕاستیدا کارە ناتەواوەکان لە بەرامبەر بکەردیار و بکەرنادیاردا ڕاناوەستن؛ بەڵکوو ئەم جۆرەکارانە لەبەرامبەر بە کارە هۆکارییەکاندا دێنە دابەشکردن.

لە زمانی کوردیدا زۆربەی ڕێزماننووسەکان تەنها وەسفی ڕۆنانی بکەرنادیاریان کردووە و لە چوارچێوەی تیۆریدا بکەرنادیاریان شیکردۆتەوە. ئەوان زۆرتر باسی ئەمەیان کردووە، کە پاشگرەکانی بکەرنادیارساز بریتین لە -را (بۆ ڕابردوو) و -رێ (بۆ ڕانەبردوو)، کە بە ڕەگی ئێستای کارەوە دەلکێن و بکەرنادیار بە دەستەوە دەدەن (بۆ نموونە سدقی،1928:43؛ مەکنزی، 1961:118؛ هەورامانی، 1974:135؛ عەلی ئەمین، 1958:37؛ خوڕڕەمدڵ، 1347؛ کەڵباسی، 1362).

عەلی ئەمین (1958:37) لای وایە، کە پاشگری بکەرنادیار لە کرمانجی ناوەڕاست بۆ کارە تێپەڕەکان لە ڕابردوودا -را و لە ڕانەبردوودا -رێ و بۆ کارە تێنەپەڕەکان لە ڕابردوودا -ێنرا و لە ڕانەبردوودا -ێنرێیە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە، کە -ێنرا و -ێنرێ هەرکام لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە و بەشی یەکەمیان واتە -ێن ئەرکی هۆکاریسازی بە ئەستۆوەیە.

کەڵباسی (1362) لە بارەی بکەرنادیارسازی لە زاری ناوەڕاست دەڵێت: کاری بکەرنادیار لە کاری تێپەڕی بکەردیار بە دوو شێوە چێ دەبێت:یەکەم، لە ڕەگی ئێستای کارەتێپەڕە بکەردیارەکان و مۆرفیمی – رێ بۆ ئێستا و لە ئێستای کارەتێپەڕە بکەردیارەکان و مۆرفیمی – را بۆ ڕابردوو؛ بۆ نموونە دەفرۆشرێ و فرۆشرا. دووهەم، لە ڕەگی ڕابردووی کارە تێپەڕە بکەردیارەکان و پاشگری -رێ بۆ ئێستا و پاشگری – را بۆ ڕابردوو؛ بۆ نموونە دەگوترێ و گوترا.

بەرزنجی (2008) بکەرنادیاری کوردی لە ڕوانگەی واتاییەوە شیکردۆتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە توێژینەوەکەی بەپێی ڕێچکەی زمانەوانە نوێکان ئەنجام دراوە؛ کەچی لە کتێبەکەیدا هیچ چوارچێوەیەکی تیۆری نەخستووەتەڕوو، تاوەکو خوێنەر بزانێت بەپێی چ تیۆرێکی زمانەوانی کاری کردووە. گرینگترین تایبەتمەندی بەرچاوی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە تەنها وەسفی ڕۆنانی بکەرنادیاری نەکردووە؛ بەڵکو لە ڕووی واتاییشەوە باسی بکەرنادیاری کردووە و ئاماژەی بەم خاڵەش کردووە، کە (ا ، ێ) لە مۆرفیمی(را-رێ)ی بکەرنادیاردا، ئاماژە بە کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا دەکەن. بە بۆچوونی نووسەرانی ئەم توێژینەوەیە جیاکردنەوەی ئەرکی بکەرنادیاری و کات لەم مۆرفیمانەدا ئاسان نییە و پێویستی بە توێژینەوەی قووڵتر و بەربڵاوتر هەیە. هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێکرا ئەم مۆرفیمانە ئاڵۆزن و تێکەڵبوونی ئەم ئەرکانە بە هۆی گۆڕانی زمانی پێویستی بە شیکاری و توێژینەوەی دایاکرۆنی هەیە.

والتر (2011) بکەرنادیارسازی لە کوردیدا وەکوو پرۆسەیەکی وشەسازی دەبینێت و بە ئاراستەکردنی چوار هۆکار بانگەشەی ئەوە دەکات، کە پرۆسەی بکەرنادیارسازی، واتە لکانی پاشگری بکەرنادیارساز بە ڕەگەوە لە کوردیدا پرۆسەیەکی داتاشینە[10] نەک دارشتن[11].

**دانشپەژووە (1393)، کە ناونیشانی نامەی دوکتوراکەی «ڕۆنانی بە ڕوالەت بکەرنادیار لە زمانەکانی سۆرانی و کرمانجی»دایە، لای وایە، کە لە کوردیدا بکەرنادیار نییە و هەموو ئەو ڕۆنانانەی کە بە کوردی ناسراون ناتەواون.**

## 3- چوارچێوەی تیۆری

هەر کارێک وەکوو ڕووداوێک بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویستی بە یەک، یان چەند ئارگیوومێنت هەیە. ئارگیوومێنتەکان لە ڕاستیدا بەشداربووانی ڕووداوی کارن. بە ژماری ئارگیوومێنتە پێویستەکانی هەر کارێک دەڵێن ڤالانسی[12] ئەو کارە. ئەگەر کارێک یەک ئارگیوومێنتی پێویست بێت، ئەڵێن ئەو کارە یەک ڤالانسییە وەکوو نموونەی (7). ئەگەر دوو ئارگیوومێنتی پێویست بێت ئەڵێن دوو ڤالانسییە (8) و ئەگەر سێ ئارگیوومێنتی پێویست بێت سێ ڤالانسییە (9).

(7) ڤیان چوو. (8) هایا کتێبێکی کڕی.

(9) ژیوار کتێبەکەی دا بە هایا.

لە (7)دا، ڤیان تەنها ئارگیوومێنتی کاری *چوون*ە. لە (8)دا *هایا* و *کتێب* دوو ئارگیوومێنتی کاری *کڕین*ن و لە (9)دا کاری *دان* سێ ئارگیوومێنتی هەیە: ژیوار، کتێب، هایا.

زۆربەی کارەکان یەک، دوو یان سێ ئارگیوومێنتی پێویستیان هەیە. کاری بێئارگیوومێنت یان زیاتر لە سێ ئارگیوومێنت زۆر بە دەگمەن هەیە و زۆربەی زمانەکان هیچکات شتی وایان نییە. ئاخێوەری هەر زمانێک بێجگە لەوەی، کە دەزانێت هەر کارێک چەند ئارگیوومێنتی پێویستە، دەشزانێت، کە جۆر و ڕۆڵی واتایی ئارگیوومێنتەکان چین (هاسپلماس و سمیس، 234:2010). بۆ نموونە ئاخێوەری زمانی کوردی دەزانێت، کە کاری *خواردن* لایەنیکەم دوو ئارگیوومێنتی پێویستە و ئارگیوومێنتی دەرەکی[13] ئەو ئەرکی بکەری واتایی و

[10]. derivational
[11]. inflectional
[12]. valency
[13]. external argument

ئارگیوومێنتی ناوەکی[14] ئەرکی بەرکاری واتایی هەیە. تایبەتمەندی تێپەڕبوون جیاکەرەوی کارە تێپەڕ و تێنەپەڕەکانە. کارێکە تەنها بە یەک ئارگیوومنت واتە ئارگیوومێنتی دەرەکی بتوانێت ڕووداوێک یا حالەت و دۆخێک دەربڕێت، ئەوە کاری تێنەپەڕە. بۆ نموونە لە ڕستەی (7)دا کاری *چوون* تەنیا یەک ئارگیوومێنتی پێویستە، کە ئەویش ئارگیوومێنتی دەرەکی واتە ڤیان ە. کاری تێپەڕ ئەو کارەیە، کە بۆ بە دەستەوەدانی ڕستەیەکی ڕێزمانی، ئارگیوومێنتی ناوەکیشی پێویستە. بۆ نموونە لە ڕستەی (8)دا *کتێب* ئارگیوومێنتی ناوەکییە.

به پێی ئەم پێناسەیە کارە ناتەواوەکان و بکەرنادیارەکان[15] تێنەپەڕن و کارە هۆکارییەکان تێپەڕن. تایبەتمەندی ڤۆیس، کاری بکەرنادیار لە کاری بکەردیار جیا دەکاتەوە. ڕۆنانی ئەرکی سینتاکسی[16] یا ڤالانسی سینتاکسی[17] ئەم دوو جۆرە کارە لە یەکتر جیاوازن؛ بەڵام ڕۆنانی ئەرکی واتایی، (ڤالانسی واتایی یا ڕۆنانی ئارگیوومێنتی)[18]یان یەکسانە (ڕاسخ مەهەند، 22:2011). بە کوردی و بە کورتی مەبەستی ئەم چەند دێڕە ئەوەیە، کە بکەر و بەرکاری سینتاکسی و واتایی مەرج نییە یەکسان بن. لە واتاناسیدا کۆمەڵێکی ئەرکی واتایی پێشنیاز کراوە؛ بۆ نموونە لە (10)دا *ئەو گۆرانییە* بکەری سینتاکسییە و ئەرکی واتاییەکەی ورووژاندنەکە وایە *ورووژێنەرە*[19] و *من* لە ڕووی سینتاکسییەوە بەرکارە و ئەرکی واتاییەکەی *ئەزموونکار*[20]ە، واتە شتێک یان ڕووداوێک ئەزموون دەکات. لە حاڵێکدا لە ڕستەی (11)دا، کە لە ڕووی جۆری ڕووداوەکەوە لە تەک (10)دا یەکسانن، *من* بکەری سینتاکسیە؛ بەڵام لە ڕووی واتاییەوە ئەزموونکارە و *گۆرانی* ورووژێنەرە (هاسپلماس و سمیس، 235:2010).

(10) ئەو گۆرانییە من شاد دەکات.

(11) من گۆرانیم پێخۆشە.

ئەنجامی ئەم باسە، ئەوەیە، کە ئاخێوەر لە بارەی ڕۆنانی ڕستەوە دوو جۆرە زانستی زمانی هەیە: زانستی لە سەر ڤالانسی سینتاکسی و زانستی لە سەر ڤالانسی واتایی.

هەندێ پرۆسەی مۆرفۆلۆژیکی و سینتاکسی هەن، کە ڤالانسی سینتاکسی یان واتایی ڕستە دەگۆڕن؛ دەتوانین ئەم پرۆسانە ناوبنین پرۆسەی ڤالانس گۆڕی واتایی یان ڤالانسگۆڕی سینتاکسی. هاسپلماس و سمیس (235:2010) بکەرنادیارسازی وەکو پرۆسەیەکی ڤالانسگۆڕی سینتاکسی دەزانن. واتە ئەگەر کارێک دوو ئارگیومنتی هەبێت، کە ئەرکیان بکەر و بەرکاری واتاییە بە گۆڕانی ئەو کارە بە بکەرنادیار ئەم ئەرکانە دەپارێزرێن، بەڵام ئەرکە سینتاکسیەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بۆ نموونە ڕستەی (12) کە بکەرنادیاری ڕستەی (13)یە، دەخەینەڕوو.

(12) عەلی (بەدەستی کابرایەک) کوژرا.

(13) کابرایەک عەلی کوشت.

لەم دوو ڕستەدا ڤالانسی واتایی کار و ڕووداوی کوشتن، چ ڤۆیس بکەردیاری هەبێ چ بکەرنادیار، یەکسانە. واتە لە هەر حاڵدا ئەم ڕووداوە یەک بکەری واتایی و یەک بەرکاری واتایی پێویستە. تەنانەت ئەگەر *بەدەستی کابرایەک*یش لە ناو بچێت؛ ئەرکی واتایی کارەکە ناگۆردرێت و ئاخێوەر و بیسەر هەست بە بوونی بکەرێک دەکەن. کەوایە پرۆسەی بکەرنادیارسازی ڤالانسی سینتاکسی کارەکەی گۆڕیوە نە ڤالانسی واتایی. بۆیە لە ڕستەی (12)دا عەلی بکەری سینتاکسییە و لە هەمان کاتیشدا بەرکاری واتاییشە؛ بەڵام لە (13) عەلی هاوکات بەرکاری سینتاکسی و واتاییشە و کابرایەک بکەری سینتاکسی و واتاییە. دەسکەوتی ئەم بەشە ئەوەیە، کە بکەردیار و بکەرنادیار لە ڕووی ڤۆیسەوە واتە ڤالانسی سینتاکسییەوە جیاوازن و ڤالانسی واتاییان یەکسانە و جیاوازیان نییە.

یەکێکی دیکە لە پرۆسەکانی ڤالانسگۆڕ هۆکارسازییە. لە ڕێگای ئەم پرۆسەیەوە کار ئارگیوومێنتێکیتر وەردەگرێت. تایبەتمەندی هۆکاری لە کاردا ئاماژە بە جیاوازی نێوان کاری هۆکاری، ناهۆکاری و دژەهۆکاری (ناتەواو) دەکات. کاری هۆکاری بە دڵنیاییەوە دانەیەکی زمانی هەیە، کە وەکوو هۆکار ئەرک دەگێرێت. بۆ نموونە لە ڕستەی (١٥)دا *من* هۆکاری ڕوودانی کاری *خەوتن*ە. ئەم دانەیە لە ڕاستیدا بە ڕۆنانی ناهۆکاری یا ناتەواوەوە (١٤) زیاد کراوە و ڕۆنانی هۆکاری بەدەستەوە داوە. نموونەی (١٤) هەڵگری کاری ناهۆکارییە. ئەم جۆرە کارە لە ڕۆنانی واتایی خۆیدا دانەیەکی هەیە و ئەم دانەیە بە هۆی پرۆسەی هۆکارسازییەوە وەرینەگرتووە. بە پێچەوانەی هۆکاری کراوەکان. کارە دژە هۆکارییەکان هیچ دانەیەکیان لە ڤالانسی واتایی یان ڕۆنانی واتاییاندا نییە. لە ڕستەی (١٦)دا کاری ناتەواو دەبینرێت، کە سیمای بکەرنادیاری هەیە و لە ڕستەی (١٧)دا کراوە بە ڕستەی هۆکاری کە لەودا من هۆکاری ڕووداوەکەیە.

(١٤) هایا خەوت. (١٥) من هایام خەواند.

(١٦) دەرگاکە کرایەوە. (١٧) من دەرگاکەم کردەوە.

## ٤- وەسف و شیکاری

ئەم بەشە لە دوو بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا، ڕۆنانی بکەرنادیار لە زمانەکانی کوردی و فارسیدا لە ڕووی

14. internal argument
15. passive
16. syntactic-function structure
17. syntactic valence
18. semantic-role structure, semantic valence, also called argument structure
19. stimulus
20. experiencer

مۆرفۆلۆژییەوە شیکاری دەکرێت؛ لە بەشی دووهەمدا، وەڵامی ئـەم پرسـیارانە تـاوتوێ دەکرێت، کـە ئایا لە زمـانی فارسـیدا بکـەرنادیار هەیـە؟ چۆن بتـوانین دوو ڕۆڵـی گرنگـی *شـودن*، واتە بکەنادیارسازی و کاری ناتەواو، لە یەکتر جیاکەینەوە؟

## ٤-١- بــەراوردی مۆرفۆلۆژیــانەی بکــەرنادیار لــە زمانەکانی کوردی و فارسی‌دا:

لە نـاو زمانـەکانی جیهانـدا، بۆ بکـەرنادیارسازی دوو شێواز بـاوە:مۆرفۆلۆژییـانە و سینتاکسـی. لـە شـێوازی یـەکەمدا بـە زیادکرنی پاشگرێک بە ڕەگی کارەوە بکەرنادیار دروست دە-بێت؛ لە بەرامبەردا، لـە شێوازی سینتاکسـیدا بـە سـوود وە-رگرتن لـە کـارێکی یاریـدەدەر ئـەم ئامانجـە دێتـە دی. زمـانی کوردی نموونەیەکی بەرچاوی شێوازی یەکەمە؛ بەپێچـەوانە، زمانی فارسی وەکوو کورمانجی باکوور و زمانی ئینگلیزی بە کـارێکی یاریـدەدەر بکـەرنادیار سـازدەکات. کـاری یاریـدەری بکەرنادیارسـاز لــە زمــانی فارســیدا *شــودن*ە. لــە ڕووی زمانەوانی دایاکرۆنی و مێژووییـەوە *شـودن* هاوتـای *چـوون*ی کوردیـە و لــە ڕابــردوودا زۆر ئاسـایی بـە واتـای *ڕۆیشـتن* بەکار هاتووە و ئێستا تەنها لە چەند وشەدا شوێنەواری ماوە. لەم بەشەدا وێڕای بەراوردکاری ڕۆنانی بکەرنادیاری زمانەکانی کوردی و فارسی تێدەکۆشین وەڵامی پرسیارەکانی ئەم وتـارە بدەینەوە و دوو ڕۆڵی شودەن لە یەکتر جیاکەینەوە.

یەکێکی دیکە لە جیاوازییە بەرچاوەکانی زمانەکانی کوردی و فارسـی شـێوەی دەربڕینـی داهـاتووە. زمانـەکانی جیهـان بـۆ دەربڕینی کات، دوو یان سێ شێواز بەکاردەهێنن؛ واتـە ڕەنگە بۆ نیشاندانی هەر یەک لە کاتەکانی ئێستا، داهاتوو و ڕابردوو شێوازێکی هەبێت، یان ڕابردوو سیمایەک و ئێستا و داهاتوو بەیەکـەوە سیمایەکیان هـەبێت (کـامری، 45:1984). زمـانی کـوردی بـۆ ئـەم مەبەسـتە دوو شـێوازی هەیـە؛ واتـە ئێسـتا و داهاتوو یـەک سیما و ڕواڵـەتیان هەیە؛ لە حاڵێـکدا لـە زمـانی فارسـیدا سیمای کـاتی داهـاتوو جیـاوازە لـە کـاتی ئێسـتا. واتـە زمـانی فارسـی بـۆ هـەر یـەک لـە کاتـەکانی ئێسـتا، ڕابـردوو و داهاتوو سیمای جیاواز بەکاردەهێنێت. لە درێژەدا بە شێوەیەکی بەراوەردکارانــە ڕۆنــانی کاتــەکانی کــوردی و فارســی دەخرێنەڕوو. بۆ ئەم مەبەستە لە چەند خشتەدا کاری *نووسین* بە شـێوەی بکـەردیار و بکـەرنادیار لـە زمانـەکانی کـوردی و فارسـیدا گەردان دەکرێن. لە خشتەی یەکەمدا کاری نووسین لە ئێستای سادەدا گەردان دەکرێت.

خشـتەی (1): گـەردانکردنی بکـەردیار و بکـەرنادیاری کـاتی ئێستای کاری *نووسین* لە زمانەکانی کوردی و فارسـیدا

| | کۆ | | | | تاک | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بکەرنادیار | | بکەردیار | | بکەرنادیار | | بکەردیار | |
| | فارسی | کوردی | فارسی | کوردی | فارسی | کوردی | فارسی | کوردی |
| یەکەم | نقشتێ میشەڤیم | دە-نووسرێین | مینڤیسیم | دە-نووسین | نقشتێ میشەڤم | دەنووسرێم | مینڤیسەم | دەنووسم |
| دووهەم | نقشتێ میشەڤید | دە-نووسرێن | مینڤیسید | دە-نووسن | نقشتێ میشەڤی | دە-نووسرێی(ت) | مینڤیسی | دەنووسی |
| سێهەم | نقشتێ میشەڤند | دە-نووسرێن | مینڤیسەند | دە-نووسن | نقشتێ میشەڤد | دە-نووسرێ(ت) | مینڤیسەد | دە-نووسێ(ت) |

هەروەها کە کە لـە خشتەکەدا دەردەکـەوێت، لـە ئێسـتای سـادەی بکـەردیاردا، لـە بەرامبـەر پێشـگری دە- ی زمـانی کـوردیدا، فارسـی پێشـگری مـی- بـەکاردێنێت. لـە ڕاسـتیدا یـەکێک لـە ئەرکـەکانی ئـەم پێشگرە لـە هـەر دوو زمانەکـەدا دەربڕینـی بەردەوامییـە. بـە وردی بـاسکردن لەسـەر ئەرکـەکانی ئـەم پێشگرە پێویستی بە توێژینەوەیەکی وردتر هەیە، کە لێرەدا بە هۆی سنووردراربوونی لاپەرەکانی وتارەکە ئەم کارە ناگونجێت.

لـە هـەر دووزمانەکـەدا، بـەدوای پێشـگری مـی- ڕەگـی ناڕابردووی کار و پاشان جێناوە لکاوەکان دەردەکەون. کە وایە کوردی و فارسی لەم ڕووەوە زۆر لە یەکتر نزیکن و دەتوانین ئاماژە بە تەنها جیاوازی بکەین، کە بریتییە لە ئەوەی کە لە کوردیدا سیمای کارەکە لە کۆی دووهەم و سێهەمدا یەکسانن، کە چی لە فارسیدا جیاوازن.

لـە لایـەکی دیـکەوە ڕۆنـانی بکـەرنادیار لـەم زمانانـەدا زۆر جیـاوازن. دەتـوانین بەگشـتی ئـەم یاسـایە بخـەینەڕوو، کـە لـە فارسیدا وەکوو ئینگلیزی بکەرنادیار لە دوو بـەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم ئاوەڵکاری بەرکارییە، کە لە ڕەگی کار چێبووە و بەشـی دووهـەم سـیمای گـەردانکراوی کـاری یـاردەدەری شودەنە، کـە دەربڕی کـات و کـەس و ئـەژمارە. لـە ڕاسـتیدا سـیمای بەشـی یەکـەم لـە تـەواو دەم و کاتـەکانی کارەکـاندا یەکسـانە. ئاوەڵکـاری بـەرکاری لـە ڕۆنـانی بکـەرنادیاری فارسیدا لە ڕەگی ڕابردووی کار و پاشگری ئاوەڵناوسازی – ە پێکهاتووە. نقشت ڕەگی ڕابردووی کاری نقشتەن (نووسین)ە و پاشـگری – ەی پـێ زیـاد دەکرێت. ئـەم پاشـگرە لـە زمـانی فارسیدا نزیـک بـە دەنگـی – ێی زمـانی کـوردی گۆدەکرێت، کە وایە ئاوەڵکاری بەرکاری بکەرنادیار کاری نووسی دەبێتە نقشتێ (بە ڕێنووسی فارسی: نوشته).

لـە ڕۆنـانی بکـەرنادیاری زمـانی فارسـیدا کـاری یاریـدەدەر ئـەرکی ڕێزمـانی هەیـە؛ لـە حاڵێکدا ئاوەڵناوەکـەی پـێش ئـەو، ئەرکی واتایی بە ئەستۆوەیە. کاری یاریدەدەری شودەن بـە پێی کات و کـەس و ژمارە گۆ دەکرێت. بۆ نموونە لە خشتەی یەکـدا سـیمای شـودەن لـە ئێسـتای سـادەدا دەبێتـە: میشـەڤەم، میشـەڤی، میشـەڤەد، میشـەڤیم، میشـەڤید، میشـەڤەند. هـەروەها کـە پێشتر ئاماژە کـرا خـودی ئـەم کـارە لـە پێشـگری مـی-، ڕەگـی ئێسـتای *شــودەن* و جێنــاوە لکاوەکــانی ــم، - ی، ـد، ـیـم، ـیـد، ـنـد پێکهاتووە.

به پێچەوانەی زمانی فارسی لە زمانی کوردیدا بکەرنادیار بە یارمەتی پاشگری –را (بۆ ڕابردوو) یا -رێ (بۆ ڕانەبردوو)سازدەکرێت. ئەم پاشگرە لە زمانی دایکی کۆنی زمانە ئێرانییەکانەوە بە میرات ماوەتەوە (کەریمیدووستان و وەیسی 1387؛ موڕادی، 2009). لە بەرئەوەی ئەم مۆرفیمە دوو ئەرکی نیشاندانی کات و بکەرنادیارسازی هەیە و ناتوانین دابەشی بکەین و دوو ئەرکەکە دیاری بکەین، مۆرفیمی ئاڵۆز[21] دێتە ئەژمار. کە وابوو ڕۆنانی بکەرنادیاری کاتی ئێستای سادەی زمانی کوردی لە سێ مۆرفیم پێکهاتووە: پێشگری دە-، ڕەگی ڕانەبردووی کار، پاشگری بکەرنادیارسازی –رێ.

خشتەی دوو ڕابردووی کاری نووسین بە شێوەی بکەردیار و بکەرنادیار لە زمانەکانی کوردی و فارسیدا دەخاتەڕوو.

| کۆ | | | | تاک | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بکەرنادیار | | بکەردیار | | بکەرنادیار | | بکەردیار | | |
| فارسی | کوردی | فارسی | کوردی | فارسی | کوردی | فارسی | کوردی | |
| نقشتێ - شودیم | نووسراین | نقشتیم | نووسیمان | نقشتێ - شودەم | نووسرام | نقشتەم | نووسیم | یەکەم |
| نقشتێ - شودید | نووسران | نقشتید | نووسیتان | نقشتێ - شودی | نووسرای(ت) | نقشتی | نووسیت | دووهەم |
| نقشتێ شودەند | نووسران | نقشتەند | نووسیان | نقشتێ - شود | نووسرا | نقشت | نووسی | سێهەم |

خوێندنەوەی زانیارییەکانی خشتەکە دەربڕی ئەوەیە، کە کاری ناڕابردووی بکەردیاری سادەی فارسی لە ڕەگی ڕابردوو و جێناوەلکاوەکان چێ بووە: نقشت ڕەگی ڕابردووی نووسینە و –م، -ی، -Ø، -یم، -ید، -ند جێناوەلکاوەکانن. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێت، کە جێناوەلکاوەکانی ڕابردوو لە تەک جێناوەلکاوەکانی ئێستادا جیاوازن. بەتایبەت لە کەسی دووەمی تاکدا جێناوی لکاو سیمای نییە و پووچەڵە، بۆیە بە –Ø نیشاندراوە.

هەروەها خشتەکە ئەوەمان پێدەڵێ، کە بکەرنادیاری ڕابردووی سادەی زمانی فارسی لە ئاوەڵناوی بەرکاری (واتە نقشتێ) و دەرکەوتەکانی کاری یاریدەدەری شودەن پێکهاتووە. شودەن لەم حاڵەدا بە شێوەی ڕابردوو گەردان دەکرێت: شود ڕەگی ڕابردووی کارەکەیە، کە جێناوەلکاوەکانی *–م، -ی، –Ø، -یم، -ید، -ند*ی پێزیاد بووە.

خاڵێکی بەرچاوی جیاوازی نێوان زمانەکانی کوردی و فارسی لە ڕووی کاتەوە ئەوەیە، کە زمانی فارسی کاتی داهاتوو جیاواز لە کاتی ئێستا دەردەبڕێت؛ لە حاڵێکدا سیمای کاتەکانی ئێستا و داهاتوو لە زمانی کوردیدا یەکسانە. زمانی فارسی هەر وەکو زمانی ئینگلیزی بۆ دەربڕینی داهاتوو کاری یاریدەدەر بەکاردەهێنێت. لە زمانی ئینگلیزیدا کاری یاریدەدەری داهاتوو will و لە زمانی فارسیدا کاری خاستەن (بە ڕێنووسی فارسی خواستن)ە. سیماکانی گۆڕاوی ئەم کارە بەم شێوەیە: خاهەم، خاهی، خاهەد، خاهیم، خاهید، خاهەند. خشتەی سێ سیماکانی گۆڕاوی نووسین بە شێوەی بکەردیار و بکەرنادیار لە کاتی داهاتووی زمانەکانی فارسی و کوردیدا دەخاتەڕوو.

خشتەی (3): گەردانکردنی بکەردیار و بکەرنادیاری کاتی داهاتووی کاری *نووسین* لە زمانەکانی کوردی و فارسیدا

| کۆ | | | | تاک | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بکەرنادیار | | بکەردیار | | بکەرنادیار | | بکەردیار | | |
| فارسی | کوردی | فارسی | کوردی | فارسی | کوردی | فارسی | کوردی | |
| نقشتێ خاهیم شود | دە-نووسرێین | خاهیمنقشت | دە-نووسین | نقشتێ - خاهەم شود | دەنووسرێم | خاهەمنقشت | دەنووسم | یەکەم |
| نقشتێ خاهید شود | دە-نووسرێن | خاهیدنقشت | دە-نووسن | نقشتێ خاهی شود | دە-نووسرێی(ت) | خاهینقشت | دەنووسی | دووهەم |
| نقشتێ خاهەندشود | دە-نووسرێن | خاهەندنقشت | دە-نووسن | نقشتێ خاهەد شود | دە-نووسرێ(ت) | خاهەد نقشت | دە-نووسێ(ت) | سێهەم |

خوێندنەوەی زانیارییەکانی ناو خشتەکە نیشاندەری ئەوەیە، کە ڕۆنانی داهاتووی بکەردیاری زمانی فارسی بەم جۆرەیە: سیمای گۆڕاوی ئێستای خاستەن بە بێ پێشگری می- و ڕەگی ڕابردووی کار. واتە کاری یاریدەدەری خاستەن لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە ڕەگی ڕانەبردووی خاستەن، واتە خاە و جێناوەلکاوەکانی –م، -ی، -د، -یم، -ید، -ند.

هەروەها کە لە خشتەکەدا ڕوونە، بکەرنادیاری داهاتووی کار لە زمانی فارسیدا سێ دانەی هەیە: ئاوەڵناوی بەرکاری کار، کاری یاریدەدەری داهاتوو، کە *خاستەن*ە و کاری یاریدەدەری بکەرنادیار کە *شودەن*ە. بۆ نموونە نقشتێ *خاهەم شود* شیکاری دەکرێت. نقشتێ ئاوەڵناوی بەرکارییە، کە لە ڕەگی ڕانەبردوو و پاشگری ئاوەڵناوسازی –ێ پێکهاتووە. خاهەم لە ڕەگی ڕانەبردووی خاستەن (واتە ویستن، گەرەک بوون) واتە خاە و جێناوی لکاوی –م دروست بووە. *شود*یش ڕەگی ڕابردووی کاری یاریدەدەری *شودەن*ە. شایانی ئاماژە پێکردنە، کە کاری یاریدەدەری داهاتوو واتای سەرەکی خۆی، کە ویستن، گەرەک بوونە لە دەست داوە و تەنها بۆ ئاماژە بە داهاتوو بەکار دەهێنرێت، هەر وەکوو will لە زمانی ئینگلیزیدا.

بە بۆچوونی توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە، یەکێک لە ئەرکەکانی پێشگری دە- لە زمانی کوردیدا دەربڕینی بەردەوامییە. لە هەمان کاتیشدا خەریکبوون ئەم ئەرکە بەرجەستە دەکاتەوە. کە وا بوو جیاوازی نێوان دەنووسم و خەریکم دەنووسم لەوەدایە کە لە حاڵەتی دووهەمدا بەردەوامی ڕوودانی کارەکە زۆر زەق و بەرچاوە و گومانی تێدا نییە. بەڵام لە دەنووسمدا ڕەنگە بە پێی ژینگە مەبەست نووسینی بە عادەت بێت و دەربڕی ئێستای سادە بێت نەوەکو بەردەوامی. خشتەی چوار سیماکانی گەردانکراوی نووسین لە کات و دەمی ئێستای بەردەوام لە ڤۆیسی بکەردیار و بکەرنادیار لە خۆ دەگرێت.

خشتەی (٤): گەردانکردنی بکەردیار و بکەرنادیاری کاتی ئێستای بەردەوامی کاری نووسین لە زمانی کوردیدا

| کۆ | | تاک | | |
|---|---|---|---|---|
| بکەرنادیار | بکەردیار | بکەرنادیار | بکەردیار | |
| خەریکین دە- نووسرێین | خەریکین دە- نووسین | خەریکمدەنووسرێم | خەریکمدەنووسم | یەکەم |
| خەریکن دە- نووسرێن | خەریکن دە- نووسن | خەریکیدە-نووسرێی(ت) | خەریکیدە-نووسی | دووهەم |
| خەریکن دە- نووسرێن | خەریکن دە- نووسن | خەریکەدە-نووسرێ(ت) | خەریکەدە-نووسێ(ت) | سێهەم |

21. Portamentau

کاری یاریدەدەری ئێستای بەردەوام لە زمانی فارسیدا داشتەن بە واتای *هەبوون*ە. بۆ نموونە: مەن یەک ماشین داشتەم. واتە من سەیارەیەکم هەبوو. بەڵام لەم ڕۆنانەدا داشتەن ئەو واتا سەرەکییەی نییە و تەنها دەربڕی واتای ڕێزمانی بەردەوامییە. سیما گەردانکراوەکانی کاری داشتەن لە کاتی ئێستادا، کە بۆ ئێستای بەردەوام بەکاردەبرێت، بریتین لە: دارەم، داری، دارەد، داریم، دارید، دارەند. بۆ ڕابردووی بەردەوام سیمای گەردانکراوی کاتی ڕابردووی داشتەن بەکاردەبرێت، کە بریتییە لە: داشتەم، داشتی، داشت، داشتیم، داشتید، داشتەند. خشتەی پێنج، سیما گەردانکراوەکانی نووسینی زمانی فارسی لە کاتی ئێستای بەردەوام لە هەر دوو ڤۆیسی بکەردیار و بکەرنادیار لە خۆ دەگرێت.

خشتەی (5): گەردانکردنی بکەردیار و بکەرنادیاری کاتی ئێستای بەردەوامی کاری نووسین لە زمانی فارسیدا

| کۆ | | تاک | | |
|---|---|---|---|---|
| بکەرنادیار | بکەردیار | بکەرنادیار | بکەردیار | |
| داریم نڤشتێ - میشەڤیم | داریم مینڤیسیم | دارەم نڤشتێ - میشەڤەم | دارەم مینڤیسەم | یەکەم |
| دارید نڤشتێ میشەڤید | داریدمینڤیسید | داریێنڤشتێ- میشەڤی | داری مینڤیسی | دووهەم |
| دارەندنڤشتێ - میشەڤەند | دارەندمینڤیسەند | دارەدنڤشتێ- میشەڤەد | داردمینڤیسەد | سێهەم |

هەروەها کە لە خشتەکەدا دیارە، ڤۆیسی بکەردیار لە دوو بەش پێکهاتووە: سیمای گەردانکراوی ئێستای سادەی کاری *داشتەن* واتە دارەم، داری و ... و سیمای کاتی ئێستای سادەی کارەکە. بۆ نموونە دارەم مینڤیسەم (خەریکم دەنووسم) لە دوو بەشی کاری یاریدەدەری دارەم و کاری سەرەکی مینڤیسەم پێکهاتووە. لەبەرئەوەی کاری یاریدەدەری بکەرنادیار شودەنە لەم ڤۆیسەدا ئەم کارە بە ڕۆنانی بکەرنادیار زیاد دەبێت. کەوا بوو ڤۆیسی بکەرنادیاری ئێستای بەردەوامی زمانی فارسی سێ بەشی هەیە: کاری یاریدەدەری داشتەن لە کاتی ئێستادا، کە نوێنەری کات و بەردەوامییە؛ ئاوەڵناوی بەرکاری لە کارە سەرەکییەکە و سیمای گەردانکراوی کاری یاریدەدەری بکەرنادیار واتە شودەن. هەرکامە لەمانە خۆی لە چەند مۆرفیم پێکهاتووە. کاری یاریدەدەری بەردەوامی لە ڕەگی سادەی داشتەن و جێناوە لکاوەکان پێکهاتووە. هەروەها کە پێشتر باسی ئاوەڵناوی بەرکاری کراوە لە ڕەگی ڕابردوو و پاشگری ئاوەڵناوسازی – ێ چێ بووە. کاری یاریدەدەری بکەرنادیار لە پێشگری می-، ڕەگی ڕانەبردووی شودەن و جێناوەلکاوەکان سازبووە.

سیمای کار لە ڕابردووی بەردەوامی زمانی کوردیدا چەند جیاوازی واتایی، سینتاکسی و مۆرفۆلۆژیکی لە تەک ئێستای بەردەوامی هەیە. لە ڕووی واتاییەوە ڕابردووی بەردەوامی ئاماژە بە ڕوودانی کارێک دەکات، کە لە ڕابردوودا لە بەراورد لەگەڵ کارێکیتردا لە حاڵی ڕووداندایە. بەڵام ئێستای بەردەوام ئاماژە بە ڕوودانی بەردەوامی کارێک دەکات لە کاتی ئێستادا.

بۆ زانینی جیاوازییەکانی نێوان ڕابردووی بەردەوامی لە ئێستای بەردەوامی لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، ئەژماری مۆرفیمەکانی ئەم دووکاتە دەخەینەڕوو. مۆرفیمەکانی ڕابردووی بەردەوامی بریتین لە: خەریک + ب- (ڕەگی ئێستای بوون) + مۆرفیمی ڕابردووی - وو + جێناوە لکاوەکانی -م، -ی، -Ø، -یین، -ن، -ن + پێشگری بەردەوامی دە- + نووسەکەکانی -م، -ت، -ی، -مان، -تان، -یان + ڕەگی کاری سەرەکی + مۆرفیمی ڕابردووی –ی (٨ مۆرفیم). مۆرفیمەکانی ئێستای بەردەوامی بریتین لە: خەریک + نووسەکەکانی نیشاندەری بوون لە حاڵەتی ئێستادا واتە -م، -ی، -ە، -ین، -ن، -ن + پێشگری بەردەوامی دە- + ڕەگی کاری سەرەکی + مۆرفیمی ئێستای Ø + جێناوە لکاوەکانی - م، -ی، -ێ(ت)، -ین، -ن، -ن (٦ مۆرفیم).

لە ڕووی سینتاکسییەوە،لەبەرئەوەی زمانی کوردی تایبەتمەندی ئێرگتیڤی هەیە، نووسەکەکانی - م، -ت، -ی، -مان، -تان، -یان جووڵە دەکەن و پێش پێشگری دە- دەکەون. خشتەی شەش ڤۆیسی بکەردیار و بکەرنادیاری کاری نووسینی زمانی کوردی لە ڕابردووی بەردەوام- دا دەخاتەڕوو.

خشتەی (٦): گەردانکردنی بکەردیار و بکەرنادیاری کاتی ڕابردووی بەردەوامی کاری *نووسین* لە زمانی کوردیدا

| کۆ | | تاک | | |
|---|---|---|---|---|
| بکەرنادیار | بکەردیار | بکەرنادیار | بکەردیار | |
| خەریکین دە- نووسراین | خەریکبووین دە- مانووسی | خەریکبووم دەنووسرام | خەریکبوومدە- منووسی | یەکەم |
| خەریکن دە- نووسران | خەریکبوون دە- تانووسی | خەریکبووی دە- نووسرای(ت) | خەریکبووی دە- تنووسی | دووهەم |
| خەریکن دە- نووسران | خەریکبوون دە- یانووسی | خەریکبوو دەنووسرا | خەریکبوودە- ینووسی | سێهەم |

هەروەها کە لە خشتەکەدا دەبینرێت، ڕۆنانی کاتی ڕابردووی بەردەوام لە بکەردیار و بکەرنادیاردا لە بەشی سەرەکی کارەکەدایە نەک بەشی یاریدەدەر، واتە خەریک بوون. بۆ نموونە لە دەنووسرامدا، کە بکەرنادیارە پاش ڕەگی ئێستای کار، واتە نووس پاشگری بکەرنادیار دەرکەوتووە، کە هاوکات کات و بکەرنادیاریش نیشان دەدات و لە کۆتاییدا جێناوە لکاوەکانی -م، -ی(ت)، Ø، -ین، -ن، -ن. بەڵام لە دە-منووسیدا مۆرفیمی بکەرنادیار نییە و ڕەگی کاریش ڕابردووە، واتە مۆرفیمی ڕابردوو ئەرکی نیشاندانی ڕابردوو دەگێڕێت. لە لایەکی تریشەوە، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا نووسەکەکانی –م، -ت، .. پاش پاشگری دە- دەرئەکەون نەک لە کۆتایی کارەکەدا.

لە زمانی فارسیدا لەبەر نەبوونی تایبەتمەندی ئێرگتیڤ، ڕۆنانی ڕابردووی بەردەوامی جیاوازە. خشتەی حەوت سیمای گەردانکراوی کاری بکەردیار و بکەرنادیاری نووسینی زمانی فارسی لە ڕابردووی بەردەوامدا دەخاتەڕوو.

خشتەی (7): گەردانکردنی بکەردیار و بکەرنادیاری کاتی ڕابردووی بەردەوامی کاری *نووسین* لە زمانی فارسیدا

| | تاک بکەردیار | تاک بکەرنادیار | کۆ بکەردیار | کۆ بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | داشتەمرمینڤشتەم | داشتم نڤشتێ- میشودەم | داشتیم مینڤشتیم | داشتیم نڤشتێ- میشودیم |
| دووهەم | داشتی مینڤشتی | داشتی نڤشتێ- میشودی | داشتید مینڤشتید | داشتید نڤشتێ- میشودید |
| سێهەم | داشت مینڤشت | داشت نڤشتێ- میشود | داشتەند مینڤشتەند | داشتەند نڤشتێ- میشودەند |

هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێکرا کاری یاریدەدەری ڕابردووی بەردەوام لە زمانی فارسیدا داشتەنە. ڕۆنانی بکەردیاری بۆ نموونە داشتەم مینڤشتەم بەم شێوەیە: داشت کە ڕەگی ڕابردووە لە ڕاستیدا دوو مۆرفیمی هەیە:ڕەگی کارەکە و مۆرفیمی ڕابردووی -ت پاش داشت جێناوەلکاوەکانی –م، -ی، Ø، -یم، -ید، -ند. لە مینڤشتەمدا می- پێشگری بەردەوامییە و نڤشت ڕەگی ڕابردووی کاری نووسینە، کە لە دوو مۆرفیمی نووس (ڕەگی کار) و پاشگری ڕابردوو پێکهاتووە و لە کۆتاییشدا جێناوەلکاوەکانی –م، -ی، Ø، -یم، -ید، -ند دیسان دەرکەوتوون.

کاری یاریدەدەر لە بکەرنادیاری ڕابردووی بەردەوامی زمانی فارسیدا ناگۆڕدرێت، واتە هەمان کاری یاریدەدەری بکەردیارە (داشتەم، داشتی و ... ). لە بکەرنادیاردا سیمای گەردانکراوی شودەن ئەرکی بکەرنادیاری دەگێڕێت. کە وابوو ڕۆنانی بۆ نموونە داشتەم نڤشتێ میشودەم بریتییە لە سیمای گەردانکراوی کاری یاریدەدەری ڕابردووی بەردەوامی (داشتەن) + ئاوەڵناوی بەرکاری لە کاری سەرەکی + سیمای گەردانکراوی کاری یاریدەدەری بکەرنادیارساز. ئەم کاری یاریدەدەرە لە سێ مۆرفیم پێکهاتووە: پێشگری بەردەوامی می- + ڕەگی کاری شودەن + جێناوە لکاوەکانی –م، -ی، -د، -یم، -ید، -ند.

ئێستای تەواو یا ڕابردووی نەقلی یەکێکیتر لە ڕۆنانەکانی کارە بۆ نیشاندانی کات. لە زمانی فارسیدا بە مازی نەقلی دەیناسن و لە زمانی ئینگلیزیدا بە ئێستای تەواو و لە کوردیدا بە هەر دوو ناوی لێ دەبەن. هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە زمانی فارسیدا بایەخ بە ڕوودانی کارەکە لە ڕابردوودا دەکەن و لە کاتی ئێستادا باسی ئەو ڕووداوە دەگێڕنەوە، واتە نەقلی دەکەنەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە کارەکە تەنانەت ئەگەر یەک خولەکیش پێش ئێستا ئەنجام درابێت ڕابردووە؛ کەوایە بە ڕابردوو ناسینی ئەم کاتە باشتر و گونجاوترە. خشتەی هەشت سیمای گەردانکراوی بکەردیار و بکەرنادیاری کاری نووسین لە زمانەکانی فارسی و کوردیدا لە خۆ دەگرێت.

خشتەی (٨): گەردانکردنی بکەردیار و بکەرنادیاری کاتی ئێستای تەواوی کاری *نووسین* لە زمانەکانی کوردی و فارسیدا

| | تاک بکەردیار کوردی | تاک بکەردیار فارسی | تاک بکەرنادیار کوردی | تاک بکەرنادیار فارسی | کۆ بکەردیار کوردی | کۆ بکەردیار فارسی | کۆ بکەرنادیار کوردی | کۆ بکەرنادیار فارسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | نووسیومە | نفشتێئەم | نووسراوم | نفشتێ شودەئەم | نووسیومانە | نفشتێئیم | نووسراوین | نفشتێ - شودەئیم |
| دووهەم | نووسیتە | نفشتێئی | نووسراوی(ت) | نفشتێشودەئی | نووسیوتانە | نفشتێئید | نووسراون | نفشتێ شودەئید |
| سێهەم | نووسیویە | نفشتێئەست | نووسراوە | نفشتێ - شودەئەست | نووسیویانە | نفشتێئەند | نووسراون | نفشتێ - شودەئەند |

لە زمانی کوردیدا پێکهاتەکانی ڕۆنانی کاری ڕابردووی نەقڵی بریتییە لە: ڕەگی ڕابردوو، کە خۆی لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە ڕەگی کار و مۆرفیمی ڕابردووساز + پاشگری ئاوەڵناوسازی - وو (کە لەم ڕۆنانەدا بە شێوەی کورتکراو دەردەکەوێت.) + نووسەکەکانی –م، -ت، -ی، -مان، -تان، -یان + مۆرفیمی –ە ، کە بە بۆچوونی ئێمە دەربڕی ئەسپێکتی تەواوە و لێرەدا دەرفەتی زۆرتر باسکردن لە سەری نیە. دیسان هەر لەبەرئەوەی کە زمانی کوردی تایبەتمەندی ئێرگتیڤی هەیە، شوێنی نووسەکەکانی نوێنەری بکەر بگۆڕە و لە ناو ڕستەدا دەلکێت بە بەرکارەوە؛ بۆ نموونە: *نامەکەم نووسیوە*. لە بکەرنادیاری زمانی کوردیدا پێکهاتەکانی ڕابردووی نەقڵی بریتییە لە: ڕەگی کار + پاشگری بکەرنادیارسازی ڕابردوو + پاشگری ئاوەڵناوساز بەرکاری + نووسەکەکانی دەربڕی بکەر. بکەردیاری ڕابردووی نەقڵی لە زمانی فارسیدا لە ئاوەڵناوی بەرکاری کاری سەرەکی و نووسەکەکانی -ئەم، -ئی، -ئەست، -ئیم، -ئید، -ئەند. ئەم نووسەکانە باس و قسەی زۆریان لە سەرە و پێویستە لە وتارێکی دیکەدا شیکاری بکرێن. نووسەرانی ئەم بابەتە لە وتارێکی دیکەدا ئەم بابەتەیان شرۆڤە کردووە (مورادی و هاوکاران، 2019). لە بکەرنادیاری ڕابردووی نەقڵیدا هەر وەکو ڕۆنانە بکەرنادیارەکانی دیکە کاری یاریدەدەری شودەن ئەرک دەگێڕێت. لە ڕابردووی نەقڵیدا پاش ئاوەڵناوی بەرکاری کاری سەرەکی، کە لە خشتەی هەشتدا نڤشتێیە، ئاوەڵناوی بەرکاری ، واتە شودێ و پاش ئەو نووسەکەکانی -ئەم، -ئی، -ئەست، -ئیم، -ئید، -ئەند.

کۆتا ڕۆنانی شیکاریکراوی ئەم بەشە ڕابردووی دوورە. خشتەی نۆ سیمای گەردانکراوی بکەردیار و بکەرنادیاری کاری نووسینی زمانەکانی کوردی و فارسی لە خۆ دەگرێت.

خشتەی (9): گەردانکردنی بکەردیار و بکەرنادیاری کاتی ڕابردووی تەواوی کاری *نووسین* لە زمانەکانی کوردی و فارسیدا

| | تاک بکەردیار کوردی | تاک بکەردیار فارسی | تاک بکەرنادیار کوردی | تاک بکەرنادیار فارسی | کۆ بکەردیار کوردی | کۆ بکەردیار فارسی | کۆ بکەرنادیار کوردی | کۆ بکەرنادیار فارسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | - نووسیبووم | نڤشتێ بوودەم | نووسرابووم | نڤشتێ- شودەبوودەم | - نووسیبوومان | نڤشتێ بوودیم | نووسرا بووین | نڤشتێ- شودەبوودیم |
| دووهەم | نووسیبووت | نڤشتێ بوودی | نووسرابووی(ت) | نڤشتێ- شودەئی | نووسیبووتان | نڤشتێ بوودید | نووسرا بوون | نڤشتێ- شودەبوودید |
| سێهەم | - نووسیبووی | نڤشتێ بوود | نووسراو بوو | نڤشتێ- شودەئەست | - نووسیبوویان | نڤشتێ بوودەند | نووسرا بوون | نڤشتێ- شودەبوودەند |

ڕۆنانی بکەردیاری ڕابردووی دووری زمانی کوردی بریتییە لە ڕەگی ڕابردووی کاری سەرەکی و سیمای گەردانکراوی

کاری یاریدەدەری بوون واتە بووم، بووی، بوو، بووین، بوون، بوون. لە بکەرنادیاردا پێکهاتەکانی کار بریتیین لە: ڕەگی ئێستای کار + پاشگری بکەرنادیارسازی ڕابردووی -را + سیمای گەردانکراوی کاری یاریدەدەری بوون، واتە بووم، بووی، بوو، بووین، بوون، بوون.

لە زمانی فارسیدا بکەردیاری ڕابردووی دووری بەم شێوەیە: ئاوەڵناوی بەرکاری کاری سەرەکی، کە لێرەدا نقشتێ یە + سیما گەردانکراوەکانی کاری یاریدەدەری بوودەن واتە بوودەم، بوودی، بوود، بوودیم، بوودید، بوودەند. لەم ڕۆنانەشدا هەر وەکوو ڕابردووی دوور ئاوەڵناوی بەرکاری کاری یاریدەدەری شودەن بەکاردەبرێت. کە وایە ڕۆنانی بکەرنادیاری ڕابردووی زمانی فارسی بەم شێوەیە: ئاوەڵناوی بەرکاری کاری سەرەکی کە لێرەدا نقشتێ یە + ئاوەڵناوی بەرکاری کاری یاریدەدەری شودەن واتە شودێ + سیما گەردانکراوەکانی کاری یاریدەدەری بوودەن واتە بوودەم، بوودی، بوود، بوودیم، بوودید، بوودەند.

### 2-4- ئەرکی شودەن وەکوو کاری یاریدەدەری بکەرنادیاری و کاری ناتەواو لە زمانی فارسیدا:

با ئەم بەشە بەم بنەما یا ئەسڵە سەرەکییەوە دەست پێ بکەین کە هیچ ڕووداوێک یا گۆڕانێک بە بێ هۆکارێک واتە عامیل یا بکەرێک ڕوونادات. ڕاستە کاتێکە دەبیسین کە *کەسێک کوژرا* بیر لە بکەرەکەی دەکەینەوە و ناخود ئاگاه لەوە بیر دەکەینەوە، کە ئەم ڕووداوە بە بێ بکەر ڕوونادات و ئاخۆ کێ ئەم کارەی کردووە. بەڵام کاتێک، کە دەبیسین، کە *هەوا سارد بووە*، یان *بەلەمێک نوقم بووە*، بیر لەوە ناکەینەوە کێ هەوای سارد، یا کێ بەلەمەکەی نوقم کردووە. بە ئەگەرێکی کەم ئەگەر بیریش لێ بکەینەوە، بکەرەکەی وەکوو ڕووداوی کوژرانەکە بۆمان ڕوون نیە. مەبەست ئەوە نیە، کە بکوژەکە دەناسین؛ بەڵکو سارد بوون و نوقم بوون وەکو ڕووداوی کوشتن بۆمان ڕووداوێکی بە بکەرەوە نایەتە ئەژمار؛ هەر بەم هۆیەشە، کە ناوی ئەم جۆرە کارانەیان ناو ناوە ناتەواو نەک بکەرنادیار.

دەبیرموقەددەم (11:1384) ئەم خاڵە وەکوو جیاکەرەوەی ڕووداوی ناتەواو لە بکەرنادیار بەکاردێنێت و نموونەکانی خوارەوە وەکوو بەڵگە دەهێنێتەوە.

(18) ا. عەلی پەنجەرێ را باز کەرد (عەلی پەنجەرەکەی کردەوە). (بکەردیار)

ب. پەنجەرە خود بە خود باز شود (پەنجەرەکە لە خۆڕا کرایەوە) (ناتەواو)

پ. پەنجەرێ تەڤەسسوتێ عەلی باز شود (پەنجەرەکە بە دەستی عەلی کرایەوە). (بکەنادیار)

پرسیارێکی گرینگ، کە بیر ورووژێنەرە، ئەوەیە، کە ئایا ڕووداوێک لە جیهان هەیە، کە بە هیچ هۆکارێک و خود بە خود ڕوو بدات؟ بێ گومان وانیە. ئەگەر پەنجەرەکەش کەس نەیکردبێتەوە لەخۆیەوە ناکرێتەوە؛ بە دڵنیاییەوە شتێک یا هۆکارێک بووەتە هۆی ئەم ڕووداوە؛ بۆ نموونە با ئەم کارەی کردووە. کێشەکە لێرەوە دەست پێدەکات، کە با وەکو بکەر ناناسن. کە وابوو بە ڕای نووسەرانی ئەم توێژینەوەیە ئەم خاڵە ناتوانێ پێوەرێک باش بێت بۆ جیاکردنەوەی کاری ناتەواو لە کاری بکەرنادیار.

ئەگەر لە هاوتا کوردیەکەی ڕستەی 18- ب وردبینەوە، دەبینین، کە لە کوردیدا ئەم ڕستەیە بە ڕۆنانی بکەرنادیار نمایش کراوە. ئەمە سەلمێنەری ئەم بۆچوونەی ئێمەیە، کە بەکارهێنانی خود بە خود ناتوانێت پێوەرێکی گشتگیر و جیهانی بێت بۆ جیاکردنەوەی کاری ناتەواو لە کاری بکەرنادیار.

دەبیرموقەددەم ئاماژە بەم ڕاستیەش دەکات، کە ڕستەیەکی وەکوو 18- پ لە بنەڕەتدا بە شێوەی (19) بووە، کە لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا نارێزمانییە[22].

(19) *پەنجەرێ تەڤەسسوتێ عەلی باز کەردە شود (پەنجەرەکە بە دەستی عەلی کرایەوە). (بکەنادیار)

بە بۆچوونی ئێمە ئەم ڕوانگەیە نەک تەنها بۆ کارە بکەرنادیارەکان، بەڵکو بۆ کارە بە ناو ناتەواوەکانیش ڕاستە و هەر ئەمە بەڵگەیە بۆ ناڕاست زانینی پێوەری خود بە خود بە مەبەستی جیاکردنەوەی بکەرنادیار لە ناتەواو. خودی دەبیرموقەددەم دان بەم ڕاستیەشدا دەنێت، کە هەندێک ڕستە هەن لە نێوان ناتەواو و بکەرنادیاردا لێڵن و ناتوانین بە دڵنیاییەوە دیاری بکەین، کە کامی کامە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە، کە ساردبوونی هەوا، گۆڕانی دۆخێکە و نوقم بوونی بەلەم ڕووداوێکە. لە لایەکیترەوە دەزانین، کە کاری ناتەواو ئاماژە بە گۆڕانی دۆخێک دەکات نەک ڕوودانی کارێک. بە پێچەوانە نوقم بوونی بەلەم کارێکی تێنەپەڕە. بەم حاڵەش لە هەر دوو زمانی فارسی و کوردیدا ساردبوونی هەوا و نوقمبوونی بەلەم بە ڕواڵەت و لە ڕووی سیماوە بە کاری ناتەواو نیشان دەدرێت: هەڤا سەرد شود (هەوا سارد بووە) و قایق غەرق شود (بەلەمەکە نوقم بووە[23]). ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، کە نەک تەنها لە ڕووی واتاییەوە لە ڕووی سینتاکسیشەوە کەوشەنی نێوان ناتەواو و بکەرنادیار ڕوون نیە.

وتمان کە تەبیب زادە (1386)، لای وایە کە ئەم ڕستانەی خوارەوە، کە ئەتوانن بکرێن بە ڕستەی هۆکار، ناتەواون و بکەرنادیار نین. کە وابوو تەبیب زادە، ئەم خاڵە وەکوو پێوەری

---

٢٢. لە زانستی زمانەوانیی نوێدا ڕستە نارێزمانیەکان بە * نیشان ئەدەن.

٢٣. نووسەران ئاگاداری ئەم خاڵە هەن، کە لە زمانی کوردیدا بوون بە پێچەوانەی فارسی دوو واتای هەیە و لە بەرئەوی لە گەڵ بوون بە واتای هەبوون تێکەڵ نەبێت بە شێوەی بووە نووسراوە. دەنا دەقاودەقی فارسییەکەی بوو بەبێ ە-یە.

جیاکەرەوەی کاری ناتەواو لە کاری بکەر نادیار بە کاردێنێت. با بزانین ئایا ئەم پێوەرە لە زمانی کوردیدا دەتوانێت وڵامدەر بێت، یا نا؟

(20) دەر باز شود. (دەرگاکە کرایەوە.)

(21) ئاب گەرم شود. (ئاوە کە گەرم بوو.)

(22) دیڤار سفید شود (دیوارەکە سپی بوو. دیوارەکە سپی بووەوە.)

(23) لباس کوتاه شود (جلەکە کورت بوو یا جلەکە کورت بووەوە. )

بە سەرنجدان بە هاوتای کوردی ڕستەکانی سەرەوە دەبینین کە بۆچوونەکەی تەبیبزادە تەنها لە ڕستەی 21دا ڕاست نیە؛ لە بەر ئەوەی هاوتا کوردیەکە بکەرنادیارە لە حاڵێکدا ئەو لای وایە، ئەم ڕستانە ناتەواون.

نووسەرانی ئەم باسە لایەنی کەم نموونەی (24) لە کوردیدا دەخەنەڕوو کە کاری ناتەواو دەتوانێت بە شێوەی کاری هۆکار دەرکەوێت. ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ناڕاست زانینی پێوەرەکەی تەبیبزادە.

(24) ا. چێشتەکە ساردەو بوو

ب- چێشتەکە سارد کراوەتەوە.

ڕاسخمەهەند (1386) لای وایە کە پرۆسەی بکەرنادیارسازی ڤالانسی سینتاکسی دەگۆڕێت؛ بەڵام ڤالانسی واتایی لەودا پارێزراوە. بە واتایەکیتر ڕستەی بکەردیار و هاوتای بکەنادیاری لە ڕووی واتاییەوە جیاوازییان نیە؛ بەڵکوو لە ڕووی سینتاکسیەوە جیاوازن. مەبەستی ئەو ئەمەیە کە لە ڕستەی بکەنادیاریشدا بیسەر یا خوێنەر هەست بە بوونی بکەرێک دەکات تەنانەت ئەگەر ئەو بکەرە لە ڕواڵەتدا لە ناوچوو بێت. بەڵام لە کاری ناتەواودا بیسەر یا خوێنەر هەست بە بوونی بکەر ناکات.

ڕاسخمەهەند (1386) هەروەها کاری ناتەواو لە بەرامبەر کاری هۆکاریدا دادەنێت و لای وایە کە کاری هۆکاری هەمان کاری ناتەواوە و بکەرێک یا هۆکارێکی پێ زیادکراوە. بەم شێوە ڕوانینە مەبەستیەتی ئەوە بڵێت کە کاری ناتەواو دەتوانێت بگۆردرێت بۆ کاری هۆکار بەڵام ناتوانێت بگۆڕدرێت بۆکاری بکەرنادیارو بەڵام لەم نموونە کوردیەی خوارەوەدا ناڕاست بوونی ئەم بۆچوونە دەردەکەوێت.چ۳ئس

(25) ا. بەلەمەکە نوقم بوو. ب. بەلەمەکە نوقم کرا.

ئەم نموونە و چەندین نموونەی دیکە نیشاندەری ئەوەن کە کاری ناتەواو لە ڕووی واتاییەوە لە هاوتا بکەرنادیارەکەی جیاواز نیە؛ بەڵکو لە ڕووی سینتاکسیەوە جیاوازیان هەیە.

لە کۆتاییدا ڕاسخمەهەند (1386) بەو بۆچوونە دەگات کە کاری ناتەواو لە بەرامبەر بکەرنادیاردا ڤۆیس نایەتە ئەژمار بەڵکو لە بەرامبەر کاری هۆکاریدا دەوەستێت. بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە و لە سەر بنەمای ئەو زانیارییانەی سەرەوە، کارەکانی هۆکاری، بکەرنادیار و ناتەواو تەنها لە ڕووی یەک ئارگیوومنتەوە جیاوازن کە بکەر یا هۆکارە و جیاوازییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی بەهێز بوون، بەرچاو بوون و چالاک بوونی ئەو بکەرە.

## 5- دەرەنجام

یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمەیە کە بە بۆچوونی نووسەران، کاری ناتەواو و بکەرنادیار لە ڕووی واتاییەوە بە تەواوی لە یەکتر جیاواز نین؛ بەڵکوو دوو جەمسەری یەک پەیوەستارن. لە کار یا ڕووداوی بکەرنادیاردا بیسەر بە دڵنیاییەوە بکەرێک لای خۆیەوە لە بەرچاو دەگرێت کە چی لە کاری ناتەواودا ئەم بکەرە کەم ڕەنگ و ناڕوونە. سێ بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم بۆ چوونە دەتوانین بخەینە ڕوو: یەکەم ئەوەی کە دەبیر موقەددەم لای وایە کە کارێکی ناتەواوی وەکوو ئاب سەرد شود (ئاوەکە ساردەو بوو) لە بنەڕەتدا بە شێوەی * ئاب سەرد کەردە شود بووە. کە لەودا کارەکە سیمای بکەرنادیاری هەیە و بە هۆی گۆڕانی زمان کەردە کە ئاوەڵناوی بەرکاری کاری کردنە لە ناو چووە و ئەم ڕۆنانە لە فارسی ئەمڕۆدا ڕێزمانی نیە. دووهەم ئەوەی کە دەبیر موقەددەم باس لەوە دەکات کە هەندێ ڕۆنان لە نێوان ناتەواو و بکەرنادیاردا لێڵن. ئەم بۆچوونە بە ڕای ئێمە ڕاستە و نیشاندەری ئەوەیە کە کاری ناتەواو و بکەنادیار بە تەواوی لە یەک جیا نین. سێهەم بەڵگە ئەوەیە کە لۆجیکی نیە گۆڕانێک یا ڕووداوێک ڕوو بدات و هۆکارێکی نەبێت؛ جا ئەم هۆکارە ڕوون بێت یا لێڵ. لە سەر بنەمای ئەم بەڵگەهێنانەوە، لامان وایە کە جیاوازی نێوان بکەرنادیار و کاری ناتەواو لە ڕووی سینتاکسیەوەیە نە واتایی. واتە تەنها ڕواڵەتی کارەکە بە هۆی کەم ڕەنگ بوونی بکەرەکەوە دەگۆڕێت دەنا جیاوازی واتاییان نیە. هێڵکاری خوارەوە ئەم بۆچوونە دەخاتەڕوو.




هێڵکاری (۱): پەیوەستاری پەیوەندی نێوان بکەرنادیار و کاری ناتەواو

بە پێی ئەو باسانەی لەم وتارەدا ئاراستەکران دەتوانین بڵێن کە لە ڕاستیدا لە نێوان دوو ئەرکی شودەندا کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە جیاوازی نیە و ئەو ئەرکەی کە بە کاری ناتەواو ناسراوە بە هۆی لە ناوچوونی ئاوەڵناوی بەرکاری کاری کردن و پەراوێز کەوتن و بێ هێز بوونی ئەرکی بکەرە.

## سەرچاوەکان


١. صدقی، سعید (1928)، مختصر صرف و نحو کردی، جزء (1)، النجاح: بغداد.

٢. عەبدول بەرزنجی، فەریدوون (2008). نادیاری، سلێمانی:ڕۆمان.

٣. عەلی ئەمین، نوری (1958). قەواعیدی زمانی کوردی زمانی کوردی (صرف و نحو)، بەرگی دووەم، بەغدا: مەعارف.

۴. مـــورادی، ئیبـــراهیم (2009). زمـــاني كـــوردي مـــۆرفیمي بكەرناديارى كۆني پاراستوه. زماننـاسی، ژماره 10، هەولێر.

۵. هەورامانی، محەممەد ئەمین (1974). سەرەتاییێک لە فیلۆلۆجي زمانی کوردیدا، بەغدا: مەعاریف.

۶. خرمدل، مصطفي (1347). صرف دستورزبان كردي سوراني. تبريز.

۷. دانش‌پژوه، فاطمه (1393). ساخت به اصطلاح مجهول در زبان کردی (کرمانجی و سورانی). رسالۀ دکتری دانشگاه پیام نور مرکز.

۸. دبیرمقدم، محمد (1364). مجهول در زبان فارسی. مجلۀ زبان-شناسی، سال 2 شماره 2، تهران مرکز نشر دانشگاهی، ص 31-47.

۹. راسخ مهند، محمد (1386). ساخت ناگذرا در فارسی، مجلۀ زبان و زبان‌شناسی، شماره 5.

۱۰. طبیب‌زاده، امید (1385). ظرفیت فعل و ساخت‌های بنیادین جمله در فارسی امروز: پژوهشی بر اساس نظریۀ دستور وابستگی. تهران نشر مرکز.

۱۱. کریمی‌دوستان، غلامحسین و ویسی حصار، رحمان (1387) «حفظ یک مادّه‌ساز باستانی در ساخت مجهول در کردی»، مجلّه‌ی تخصّصی زبان و ادبیات دانشکده‌ی ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه فردوسی مشهد، شماره‌ی دوّم، سال 41 شماره‌ی پیاپی 161، صص 137-147.

۱۲. کلباسی، ایران (1362)، گویش کردی مهاباد، تهران: مؤسسۀ مطالعات و تحقیقات فرهنگی.

13. Comrie, Bernard (1990). Tense, Cambridge: Cambridge University Press.
14. Haspelmath, Martine. and Smis, A. D. (2010). Understanding morphology (2nd edition). London: Hodder Education, an Hachette UK Company.
15. Karimi, Simin (2005). A minimalist approach to Scrambling, evidence from Persian. Berlin/ New York: Mouton de gruvter
**16.** MacKenzie, David, N. (1961). Kurdish dialect studies. London Oriental Series. London, UK: Oxford university Press.
17. Moyne, John (1974). The so-called passive in Persian. Foundations of language 12:249-267.
18. Walther, Géraldine (2011). A derivational Account for Sorani Kurdish Passives. Available on the internet.